خولی ئیستیرکانی عیراق... هەولێر و کەرخ رووبەرووی یەکدەبنەوە



لە میان یاریەکانی گرووپی 15ی خولی ئیستیرکانی عیراق، دوو شەممە (19ـی کانوونی دووەمی 2025) کاتژمێر 2:30ـی دوای نیوەڕۆ هەولێر لە بەغدا رووبەرووی کەرخ دەبێتەوە، ئەم یاریە بە هەردوو یانە گرنگە تایبەت هەولێر کە چوار یاریە بەدوای یەک سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە.

هەولێر بە 19 خاڵ لە ریزبەندی 11ـی خولەکە یە، کەرخیش 12 خاڵی هەیە و لە ریزبەندی 18ـی خولی ئیستیرکانی عیراق دێت، کەرخ یەکەم یاریە لە ژێر سەرپەرشتی ئەحمەد عەبدولجەبار دەیکات دوای دەستەکار کەشانووی هەیسەم شەعبانی راهێنەری میسری کە بە هۆی ئەنجامە خراپەکانیەوە وازی لە ئیرکەکەی هێنا.